# شەهیدکردنی (جوتیار سوفی)پێشمەرکەی دێرینی کوردستان
# ڕسوادەکەین \ ناوەندی هەلەبجە\چاک

لە دوو ڕۆژی ڕابوردوودا و لەناو شاری کەرکوکی دڵی کوردستاندا، دەستەکانی چەپەڵی تیرۆریستەکان گەیشتنە پێشمەرگەی دێرینی کوردستان (خەلیل سۆفی) ناسراو بە (جوتیار) و لە ناو شاری کەرکوکدا شەهیدیان کرد.

شەهید جۆتیار برای بەڕێز سالار سۆفییە بەرپرسیاری کۆمیتەی ڕاگەیاندنی ناوەندەکەمان و چەندین ساڵە لە سەر جیا سەرکەشەکانی کوردستان پێشمەرگە بووە و بەرگریی لە شار و دێ و خاکی کوردستانی کردوە و ژیان و گیانی خۆی بۆ گەل و نیشتیمانەکەی تەرخانکردبوو.

ئێمە لە ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینوسایدی گەلی کورد\چاک ئەم تاوانە ڕسوا و مەحکوم دەکەین و دەسەڵاتدارانی ئەوێ بەرپرسیاردادەنێین لە گیانی هاوڵاتیانی کورد لە شاری کەرکوک و هەر شارێکی تری کوردستان کە تاوەکوو ئێستا نەگەڕاونەتەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی کوردستان. هەر وەها داوا لە دەسەڵاتدرانی کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان دەکەین ئاسایشی ئەو شارانە بگرنە دەستی خۆیان و چالاکانە هەوڵ بدەن بکوژانی پێشمەرگەی دێرینی کوردستان نەمر جوتیار سۆفی ئاشکرا بکەن و سزایان بدەن.

ئەمە جاری یەکەم نییە تیرۆریستان تاوان بەرامبەر بە گەلی کورد ئەنجام بدەن و بەڕاشکاوی بۆ ئێمەی کورد بسەلمێنن کە ئەوان تاوەکوو سەر ئێسقان دوژمنمانن و بەردەوام دەبن لەسەر کوشتنی کورد و بەتایبەت دڵسۆزانی گەلی کوردستان.

دەبا لە ئاستی بەرپرسیاریەتی کوردستان و گەلی کورددا بین و ئەنفالجیەکان و تاوانبارانی تر و میراتگرانی ئەوان کە تیرۆریستەکانن بە هەموو شێوە تازەکانیانەوە، سزا بدەین و نەهێڵێن لەسەر خاکی ئێمە بژین و ڕۆڵەکانمان بکوژن و ئەوەی سەددام پێی نەکرا ئەوان تەواوی کەن.

ئێمە لە ناوەندی هەڵەبجەوە سەرخۆشی لە کاک سالاری خۆشەویست و بنەماڵەی شەهید جوتیار (خەلیل سۆفی) و هەموو پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان دەکەین و پێیان دەڵێین شەهید نامرن و لە دڵی ئەم گەلەدا دەژین و جارێکی تر داوا لە دەسەڵاتدارانی کوردستان دەکەین بکوژانی شەهید خەلیل سۆفی ئاشکرا بکەن و بە سزای گەل و نیشتیمان بگەیەنن.

سەرشۆڕی و نەمان بۆ تیرۆریستەکان و سەددامیەکان
نەمری بۆ شەهیدانی کوردستان

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد\چاک
27-02-2005